ئەم دوو دەقەی لێرەدا وەرگێڕدراون، لە ناو سیاقدا دەرهێنراون، بەڵام دەتوانن واتای ئایدیاکانیان بگەیەنن. یەکەمیان هی کارل مارکسە و باس لە هەلومەرجێکی بنەڕەتیی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەویش مەرجی ئابوورییە. لای مارکس بە گۆڕانی ڕەوش و دۆخی ئابووری، کە لە میراتی مارکسیدا ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتی دەگرێتەوە و ناونراوە "ژێرخان"، سەرجەم دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ئەمەیش ناونراوە "سەرخان"، لەمڕوانگەیەوە هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێك پاڵنەری ئابووریی هەیە. هەڵبەت هەر لەنێو خودی میراتی مارکسیدا ئەم دابەشکارییە تۆبۆگرافییە ڕەخنەی جددی کراوە و بگرە هەر بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك دەقی دیکەی مارکس، ڕەتیش کراوەتەوە، بۆ نموونە ئاڵتوسێر یەکێکە لەو مارسکیستانەی کە ئەم دابەشکارییە بەو جۆرە ڕەق و جێگیرە ڕەت دەکاتەوە . دەقی دووەمیان سەرنجێکی ئالتوسێرە کە بەشێکە لە شا-تێزێکی ئەم بیرمەندە دەربارەی نا-هیومانیزمی فیکری مارکس. ئالتوسێر پێیوایە هەتا مارکس فەلسەفە بڕوای بە کۆجیتۆ و مرۆڤسەنتەری و سوبێکتگەرایی و ئەسڵخوازی هەبووە و هەر گۆڕانێکیش لەسەر دەستی ئەم مرۆڤە و ئاگاییەکەی ڕوودەدات، بەڵام مارکس بەوەی کە قورسایی بە بارودۆخی ئوبێکتی و دەرەکی، واتە بە زەبری ئابووری، دەدات کەواتە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکان مرۆڤ، یان سوبێکت نین، بەڵکو ئاگایی وزە لە بارودۆخە ئابوورییەکەوە وەردەگرێت. بەم جۆرە هیومانیزم، کە مرۆڤ بە سەنتەری جیهان دەبینێت، لەنێو فیکری مارکسدا بوونی نییە و هەر هەوڵێکیش کە باس لە هیومانیزم لە فیکری مارکسیدا بکات کەوتۆتە هەڵەوە و زیاتر لە هیگڵەوە نزیکە هەتا مارکس... وەرگێر.

# مەرجەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی



کارل مارکس

و. هاوار محەمەد

خەڵکی، لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی ژیانیاندا، دەچنە نێو کۆمەڵێك پەیوەندیی ناچارییانەی دیاریکراوەوە کە لە ویست و ئیرادەیان جیا و سەربەخۆیە، واتە ئەو پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان کە دەگونجێت لەگەڵ ئاستێك لە ئاستەکانی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرە ماتریاڵییەکانیاندا. کۆی ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان بونیادی ئابووریی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، واتە ئەو ژێرخانە ڕاستەقینەیەی کە لەسەرییەوە سەرخانی یاسایی و سیاسی ساز دەبن و لە بەرامبەر هەر جۆرە بونیادێکدا فۆرمێکی دیاریکراوی ئاگایی(هۆشیاری) کۆمەڵایەتیش دێتە ئاراوە.

شێوازی ژیانی ماتریاڵی، پێشمەرجی پرۆسێسی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییە بەشێوەیەکی گشتی. ئەوە ئاگایی خەڵکی نییە کە بوونیان دیاریی دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵییانەیان ئاگاییەکەیان دیاری دەکات. هێزە ماتریاڵییەکانی کۆمەڵگا لە ئاستێکی گەشەکردنیاندا دەچنە نێو کێبەرکێوە لەگەڵ ئەو پەیوەندییە خاوەندارێتیانەدا کە هەتا ئێستا بوونی هەبووە، واتە لەگەڵ ئەو شتەدا کە ڕێکخەر و دەربڕی یاسایی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە.

ئەم پەیوەندییانە لە فۆرمەکانی پەرەسەندنی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەوە کە تا ئێستا هەیبووە، دەگۆڕێت بۆ بەربەست و کۆسپ لەڕێگەی ئەم هێزانەدا، کەواتە ئیتر سەردەمی شۆڕشی بەکۆمەڵ دێت. گۆڕانی ژێرخانی ئابووریی سەرجەم پایەکانی سەرخان بە بەرفراوانی دەهەژێنێت، کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر ئەم هەژاندنانە ئەوا خێراییەکەیان لە هەر پێکهاتەیەکدا جیاوازە، دەبێت جیاوازی بکەین لەنێوان لەرزینی ڕەگەزی ماتریاڵی کە لە مەرجە ئابوورییەکانی بەرهەمهێناندا ڕوودەدات —کە دەکرێت بە ئەمانەت و دیقەتێکەوە تێبینی بکەین کە هاوشێوەی دیقەتە لە زانستە سرووشتییەکاندا- و لەرزین لە فۆرمە یاساییەکان و سیاسەت و هونەر و فەلسەفەدا، بە یەك وشە واتە لەو فۆرمە ئایدیۆلۆژییانەدا کە بەهۆیانەوە خەڵکی هۆشیارییان لەم قەیرانە هەیە و بۆ چارەسەرکردنی تێدەکۆشن؛ وەك چۆن ناتوانین لەڕێگەی ئەو ئاگاییەوە کە کەسێك دەربارەی خۆی هەیەتی حوکمی لەسەر بدەین، ئاوهاش ناتوانین حوکم لەسەر سەردەمێکی وا بدەین لەڕێگەی ئاگاییەکەیەوە بە خۆی، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە، دەبێت ئەم ئاگاییە بە دەلالەتە لێکدژەکانی ژیانی ماتریاڵی تەفسیربکەین، واتە بەهۆی لێکدژیی بەرپای نێوان هێزە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

فۆرمێکی کۆمەڵایەتی تەنیا ئەو کاتە دەکرێت ون ببێت و نەمێنێت کە سەرجەم هێزە بەرهەمهێنەرەکانی پەرەپێبدات و، تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت بیانگۆڕێت بۆ پەیوەندیی نوێ و باڵاتری بەرهەمهێنان کە مەرجەکانی بوونە ماتریاڵییەکەی لە منداڵدانی کۆمەڵگە کۆنەکەوە [واتە کۆمەڵگەکەی قۆناغی پێشتروەوە] دەرکەوتبن.

مرۆڤایەتی تەنیا ئەو ئەرکانە دەخاتە ئەستۆی خۆی کە دەتوانێت ڕایانپەڕێنێت: ئەگەر لە نزیکەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا دەردەکەوێت کە هەمیشە ئەرکەکان تەنیا ئەو کاتە دەردەکەون کە مەرجە مادی و ماتریاڵییەکانی ئەنجامدانەکەی لە ئارادابن، یان لایەنیکەم لە قۆناغی دروستبووندا بن.

ئەگەر سەیری هێڵە گشتییەکانی شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی و کۆن و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیی هاوچەرخ بکەین، ئەوا دەتوانین بە قۆناغی دوابەدوایەکیان دابنێین لە پێکهاتنی ئابووریی کۆمەڵگادا.

**سەرچاوە:**

الفلسفة الحديثة (نصوص مختارة)، إعداد و ترجمة: د. محمد سبيلا و د. عبدالسلام بنعبد العالي، أفريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠١، ص٣٠٧-٣٠٨.

# بنەڕەتە فەلسەفییەکانی هیومانیزمی تیۆری



**لویی ئالتۆسێر**

**و. هاوار محەمەد**

مرۆڤ سەنتەری جیهانەکەی خۆیەتی، بە واتا فەلسەفییەکەی وشەکە؛ مرۆڤ چییەتیی بنەڕەتی و ئامانجی جیهانەکەیەتی. دەتوانین بەمە بڵێین هیومانیزمی تیۆریی بە واتای بەهێزی وشەکە.

دەکرێت لەوەدا لەگەڵم کۆک بن کە مارکس، دوای ئەوەی بەقووڵی کێشەکەی فۆیەرباخی دەربارەی چییەتی جۆرەکی مرۆڤ [نوع الإنسان] و نامۆبوونی وەرگرت و بەردەوامیی پێدا، بەڵام بەتەواوی لە هیومانیزمی تیۆریی فۆیەرباخ دابڕاو ئەم دابڕانەیش بەشێوەیەکی ڕیشەیی مۆرکی خۆی لەسەر مێژووی فیکری مارکس جێهێشت.

بەڵام دەمەوێت لەمە دوورتر بڕۆم، چونکە فۆیەرباخ کەسێکی سەیری فەلسەفییە کە ئەم خاسیەتە دەنوێنێتەوە، کە تکام وایە ڕێم بدەن بەم جۆرە گوزارشتی لێ بکەم: «ئەو ئەرکێکی ڕاپەڕاند». فۆیەرباخ هیومانیزمێکی زۆر ئاشکرا و ڕاگەیەنراوی هەبوو. بەڵام لە پشتییەوە میراتێکی دێرینی ئەو فەیلەسوفانە هەبوو کە وەك ئەو خۆیان ڕانەگەیاندبوو، کەچی کەمتر لە فۆیەرباخیش بە مرۆڤەوە سەرقاڵ نەبووبوون؛ هەڵبەت ئەمە دۆزینەوە و کەشفێکی ئەوتۆ نییە و، ئینجا خۆیشم دەپارێزم لەوەی لە بەهای ئەم نەریتە گەورەیەی هیومانیزم کەمبکەمەوە، چونکە فەزڵێکی مێژوویی لەوەدا هەیە کە دژی دەرەبەگ و دژی کەنیسە و ئایدیۆلۆژییەکەی خەباتی کردووە و، کەرامەت و پێگەیەکی گرنگی بە مرۆڤ بەخشیوە. بەڵام دەبێت ئەوە بڕەوێنینەوە کە من دژی ئەوەم بوونی ئەم ئایدیۆلۆژییە هیومانیستییانە، کە بەرهەمگەلێکی مەزن و بیریاری گەورەی بەرهەمهێناوە، بشێت لە بۆرژوازییەتی گەشەسەندووی جیابکەینەوە کە ئەم ئایدیۆلۆژییانە گوزارشتییان لە خولیا و ویستەکانی کردووە و، خۆیان کردووە بە دەربڕی پێویستییە ئابوورییە بازرگانی و سەرمایەدارییە پەسەندکراوەکان و، ئینجا بڕیاریان لە یاسای نوێ داوە، واتە هەمان یاسای کۆنی ڕۆمانی کە دەستکاری کراوە و گۆڕاوە بۆ یاسای بازرگانیی بۆرژوازی. [ناوەڕۆکی یاساکە ئەمەیە: مرۆڤ کەسێکی ئازادە، مرۆڤی ئازاد یان بکەری کردار و بیرەکانی بەر لە هەموو شتێك مرۆڤێکی ئازادە لەوەدا کە خاوەنی شتێك بێت و بکڕێت و بفرۆشێت، ئەو کەسێکی بکەرە لە ڕووی یاساییەوە.

قسەکەم کورت دەکەمەوە و پێموایە جگە لە چەند حاڵەتێکی ئاوارتەی ناوەخت، نەریتی مەزنی فەلسەفەی کلاسیك سەرلەنوێ لە کۆمەڵێك کاتیگۆریی نوێدا دەردەکەوێتەوە کە سیستەمەکەی بریتییە لەوەی مرۆڤ مافی زانینی هەبێت، ئەو مرۆڤەی کە ئەم نەریتە کردوویەتییە سوبێکتێکی کارای تیۆرییە مەعریفییەکانی- هەر لە کۆجیتۆوە هەتا سوبێکتی ئەزموونگەرا و ئینجا سوبێکتی ترانسێندێنتاڵ-؛ هەروەها ئەم نەریتە باسی لەوە کردووە کە مرۆڤ مافی مامەڵە و هەڵسوکەوتی [بەو شتانەوە کە خاوەنییەتی] هەیە، ئیدی کردی بە سوبێکتێکی کارای ئابووری و ئەخلاقی و سیاسی. من پێموایە، کە ئەمە شتێکە ناتوانم بیسەلمێنم، مافی ئەوەم هەیە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە کاتیگۆری مرۆڤ، بەو ڕواڵەتە جیاوازانەیەوە کە هەم تێیاندا دەردەکەوێت و هەم ونیش دەبێت، هەروەها کاتیگۆریای چییەتی مرۆیی و کاتیگۆریای جۆری مرۆیی، ڕۆڵێکی تیۆریی سەرەکییان لە فەلسەفە کلاسیکییە پێش‌مارکسییەکاندا گێڕاوە، دیارە ئەمە بۆچوونێکە ناتوانم لێرەدا بەتەواوەتی بەڵگەی پێویستی بۆ بخەمەڕوو. کاتێك باس لەو ڕۆڵە تیۆرییە دەکەم کە کاتیگۆرییەك دەیگێڕێت، مەبەستم ئەوەیە تێهەڵکێش بە کاتیگۆرییەکانی تر دەبێت و، ئەگەر لە کۆمەڵەکە جیای بکەینەوە ئەوا کاریگەری لەسەر کاری گشت [کل] دەکات. کەواتە پێموایە دەتوانم بڵێم: جگە لە هەندی حاڵەتی ئاوارتە، فەلسەفەی مەزنی کلاسیکی لە کۆمەڵێك فۆڕمی ڕانەگەیەنراو و ناڕووندا نەریتێکی هیومانیستیی تیۆریی بێگەرد دەنوێنێتەوە. خۆ ئەگەر فۆیەرباخ بە ڕێگای خۆی «ئەرکەکەی خۆی ڕاپەڕاندبێت» و چییەتی مرۆڤی بە ڕوون و ڕاشکاوی خستبێتە سەنتەری گشت و هەموو شتەکانەوە، ئەوا لەبەرئەوەیە کە پێیوایە دەتوانێت لە

هۆکاری بزربوون و ونبوونی مرۆڤ لای فەیلەسوفە کلاسیکییەکان دەربازی ببێت، ئەو مرۆڤەی کە بەسەر چەند سوبێکتێکدا دابەشیانکردووە. ئەم دابەشکردنەی مرۆڤ، بۆ ئەوەی مەسەلەکە سادە بکەینەوە با بڵێین ئەم دابەشکردنەی مرۆڤ بۆ دوو سوبێکت، سوبێکتی زانەر و سوبێکتی بکەر، مۆری خۆی لە فەلسەفەی کلاسیکی دەدات و، هەر لەم فەلسەفەیەوە هەتا ئەو مانیفێستە قەشەنگە درێژدەبێتەوە کە لای فۆیەرباخ دەیبینین و تێیدا ئەوە ڕادەگەیەنێت دەتوانێت مەسەلەکە کورتبکاتەوە: فۆیەرباخ فرەیی سیفاتە مرۆییەکان لە سوبێکتی مرۆییدا دەخاتە بری فرەیی سوبێکتەکان و، پێیوایە بەمە کێشەیەکی تری سیاسیی گرنگی چارەسەرکردووە، ئەویش جیاکردنەوەی تاکەکەس و جۆری مرۆییە بەهۆی ڕەگەزەوە، کە تاکەکەس دەسڕێتەوە، چونکە دەبێت لایەنیکەم هەمیشە دووکەس بوونیان هەبێت تاوەکو کردەی سێکسی ڕووبدات، جۆریش [جۆری مرۆیی] واتە ئەم دوو لایەنە. دەمەوێت بڵێم ئێمە بەهۆی ڕێگە و شێوازی بیرکردنەوەی فۆیەرباخەوە دەتوانین ئەو شتە بزانین کە بەر لەویش باسکراوە: واتە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤێکی دابەشبوو بەسەر چەند سوبێکتێك و دابەشبوو لەنێوان تاکەکەس و جۆردا.

لەمەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە ناهیومانیزمی تیۆری لای مارکس لەوە زۆر دوورتر دەڕوات کە تەنیا یەکلاییکردنەوەی حساب بێت لەگەڵ فۆیەرباخدا: مارکس فەلسەفەکانی کۆمەڵگە و فەلسەفەکانی مێژووی باو، هەروەها نەریتی فەلسەفەی کلاسیك و، لەمەیشەوە سەرجەم ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازی، پێکەوە دەخاتە ژێر پرسیار و جێی گومان.

ئینجا دەڵێم: ناهیومانیزمی تیۆری لای مارکس یەکەم و بەر لەهەر شتێك ناهیومانیزمی فەلسەفییە. خۆ ئەگەر ئەوەی وتم هەندێك حەقیقەتی تێدا بێت، ئەوا دەبێت لەو بۆچوونەی نزیك بکەینەوە کە دەربارەی پەیوەندی مارکس بە سپینۆزا یان هیگڵ یان دژی فەلسەفە ئۆرگیناڵیستەکان و سوبێکتگەراکان وتوومانە، بەم جۆرەیش قەناعەت بەو بۆچوونەی سەرەوە دەکەین [واتە ناهیومانیزمی مارکس دوورتر لە فۆیەرباخ دەڕوات]. هەر بە ڕاستیش ئەگەر سەرنج لەو دەقە سەرەکییانە بدەین کە لە فەلسەفەی مارکسیزمدا بە دەقی یەکلاکەرەوە دادەنرێن، ئەوا نابینین کە کاتیگۆریای مرۆڤ یان هەر فۆرمێکتر لە فۆڕمەکانی ڕابردوو و یان فۆرمێکی گریمانەکراوی ئەم کاتیگۆریایەی تێدا هەبێت.

سەرچاوە:

الحداثة الفلسفية (نصوص مختارة)، أعداد و ترجمة: محمد سبيلا و عبدالسلام بنعبد العالي، افريقا الشرق، المغرب، ٢٠٠١، ل ٢٦٢-٢٦٤.